# ئالودەبوون، و
# گوتاری
# سەرمایەداری

**میترا کەدیوەر**

**و. وەلید عومەر**

## ئامازەیەکی وەرگێڕ:

مەستی و ئالودەبوون، وەك دوو دیاردەی بەربڵاوی ئێستا، لە جەوهەردا پەیوەندییان بە خۆیانەوە نیە؛ بەڵكو پەیوەندییان بە سەرمایەدارییەوە هەیە. ڕەنگە دیاردەیەك بەر لە سەرمایەدارییش هەبووبێت، بەڵام كاتێك دێتە ناو سەرمایەدارییەوە چیی بەسەردێت؟ لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە چی گۆڕانێكی بەسەردا دێت؟ گوتاری سەرمایەداری، گوتارێكی بەربڵاو و باڵادەستە. ڕەنگە بتوانین ***گوتار***(discourse) بخەینە شوێنی ***سەرخان***(superstructure) و لە فەزای گشتییدا بوارێك بۆ گوتارەكانی تریش بهێڵینەوە تاكو لەو گشتگیرییەی ماركسیزمی كلاسیك دەرچین كە بۆ سەرخان دەستنیشانیدەكات(و لەڕووی لۆژیكی و تەنانەت سایكۆلۆژییشەوە بوارێك بۆ ئیشكردنی گوتارەكانی دی بهێڵینەوە). دەسەڵات لەبناغەدا تاكرەهەند و یەك بەرە نیە، بەڵكو كۆمەڵێك گوتاریش هەن ڕەوایەتی بە مانەوەی دەدەن. ئەم گوتارانە وەك سەربازی نەبینراو وان، وردتر بڵێین: لەبەردەستماندان، ئەزموونیاندەكەین، بەڵام نایانبینین. گوتار عادەتەن ئەو نەزم و چوارچێوەیە كە شێوازی تێگەیشتنمان بۆ واقیع دیاریدەكات. ئەمە مانای ئەوە نیە واقیع بەرامبەرمان وەستاوە و ئێمە دەیكەینە بابەتی تێگەیشتن، بەڵكو ئێمە بەهۆی گوتارەوە بەشێك لە تێگەیشتنمان بۆ واقیع دەسەپێنین. تەنانەت فۆكۆ پێیوایە گوتار جۆرێكە لە توندوتیژی دەرهەق بە شتەكان. گوتار تێهەڵكێشێكە لەنێوان ئێمە و واقیعدا. گوتار هاوكات جۆرێكە لە سنور و كۆتوبەند بۆ ئەوەی تێگەیشتنمان تووشی فەوزا نەبێت. گوتار هەیە و ڕووبەرێكیش هەیە دەكەوێتە دەرەوەی گوتارەوە. ئەوەی لە سەرەتدا وادەردەكەوێت كە كەوتووەتەوە دەرەوەی گوتارەوە، ئەوا یەكسەر لەرێی گوتارەوە مانای دەدەینێ و دەیكەینە ئۆبێكتێك بۆ تێگەیشتن و تەفسیر. لەڕواڵەتدا وادەردەكەوێت زمانی ئێمە زمانێكی بێسنوورە بۆ گوزارشتكردن و تێگەیشتن و دەربڕین، بەڵام هاوكات گوتار پێشوەخت سنورێكی بۆ داناوین و ئێمە وەك سوبێكتی قسەكەر زۆر دركمان نەكردووە. گوتار، یاسا و ڕێسا و

وشەسازیی تایبەت بەخۆی هەیە و بەسەر کەسی قسەکەردا دەیسەپێنێت. گوتار زمانە، کۆمەڵێك گوزارەیە، ئەم گوزارانە جاروبار یەکتری بە درۆ دەخەنەوە و ناکۆکن. بەڵام گوتار لە زمانیش گەورەترە. کۆمەڵێك دۆخ هەن کە خۆیان بەسەر زماندا دەسەپێنن و دەبنە گوتار. واتە گوتار جۆرێك لە عادەت و دووبارەبوونەوە و بەکلێشەبوونی تیایە. بۆنمونە، بەر لەوەی سەر تاکسی بکەوین، سڵاوێك دەکەین. بەڵام لە سەرکەوتنی میترۆ و پاسدا ئەم سڵاوە نیە. ڕەنگە لە ئادابی یەکەمدا گوتاری دینی زاڵ بێت، بەڵام لە دووەمیاندا گوتاری سەرمایەداری کە لەڕێگەی تاکگەرایی لیبراڵیزمەوە ئادابەکانی خۆی درووستدەکات و ئەکتێکی غەریب و نائاساییە بڕۆیتە ناو پاسێك و سڵاو لە خەڵکەکە بکەیت. ڕەنگە سەردەمانێك گوزارەی "ژیان مەستییە"، سەر بە گوتاری دینی بووبێت؛ بەڵام ئێستا ئەم گوزارەیە سەر بە گوتاری کەپیتاڵیزمە. کەپیتاڵیزم ئایدۆلۆژیایە و لە هەزارەها ڕستە و گوزارە و ئارایشی گوزارەیی پێکدێت. زۆربەی ئادابەکانی ئێستا تێکەڵ بە گوتاری سەرمایەداری بوونە، چونکە گوتار هەمیشە ئالودەیە بە دەسەڵات، بەڵام ئایا ئەو گوتارە بە سودی بەها مرۆییەکان دەشکێتەوە یان نا؟ ئایا گوتارێکی وەك گوتاری سەرمایەداری، چۆن ئەو دیاردە دێرینانە ناواخندەکاتەوە و دەیخاتە خزمەتی کاڵاپەرستی و بەرخۆرییەوە؟ گەرچی ئەمڕۆ دەسەڵات بە مانا کلاسیکەکەی هەر کاریگەریی خۆی هەیە و ئێمە ناتوانین بەبێ وەرچەرخانی گەورە بیگۆڕین، بەڵام تێگەیشتن لە گوتار ئەو کۆمەکەمان پێدەکات کە لە ئایدۆلۆژیای باڵادەست تێبگەین و تیزییەکانی کەمبکەینەوە و کار بۆ هەژموونی پێچەوانە بکەین. لێرەوەیە کە فۆکۆ پێیوایە گوتاری مەعسوم و پاك و بێلایەنمان نیە. بە مانایەکی تر، ئایدۆلۆژیای باڵادەست کە سەرمایەدارییە، خۆی وەك ئایدۆلۆژیایەکی هێندە مەعسوم پیشاندەدات کە هەستبکەین ئایدۆلۆژیا بوونی نەماوە.

ئەمڕۆ چ لە ژیانی ڕۆژانەدا، چ لە واقیعی مەجازیدا، یان لەو جێیەدا کە زاراوەی فریودەری "تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان"ـی بۆ داتاشراوە، مرۆڤ چیتر بەئاسانی لەسەر ئۆبێکتێك ناوەستێتەوە. ئیتر ئەو ئۆبێکتە مرۆڤێکی تر بێت، یان ڕیکلامێك، یان ملیۆنان وێنە و نوسراو و ناو و کۆد و هتد. چۆنیەتی دەبێتە قوربانیی چەندێتی.

ئەویش چەندێتییەك كە نەژمێردراوە و یادەوەری درووستناكات و ڕەهەندێكی تارمایییئاسای هەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئالودەبوون چیتر تەنیا مادە بێهۆشكەرەكان ناگرێتەوە، ئەو جۆرە نەخۆشییەش ناگرێتەوە كە میدیای باڵادەست وەك ئالودەبوون بە ئەنتەرنێتەوە ناویدەبات؛ بەڵكو لە سەرووی ئەمانەوە ئالودەبوونە بە خودی "ئالودەبوون"ـەوە. چیتر ئۆبێكتێكی زۆر جێگیر و پڕ و تۆكمەمان نیە دانیشین و پێوە ئالودە بین، بەڵكو ئالودەبوون خۆی دەبێتە ئەو ئۆبێكتە بەرفراوانەی كە خەریكە سوبێكت بەتەواوی هەڵدەلوشێت و لەناو مێژوودا دەیپوكێنێتەوە. ئالودەبوون چیتر ئاوارتە(ئیستیسنا) نیە بەڵكو ڕێسایە. گوتاری سەرمایەداری، لەڕێگەی پرۆسەی ئالودەبوونەوە پتر خۆی بڵاودەكاتەوە و لەڕێگەی میكانیزمی دووبارەبوونەوەوە وەك شتێكی زاتی و سرووشتی سەیردەكرێت و هاوشانی دووبارەبوونەوەكە و ئالودەبوونەكە ئەرگۆمێنتی سەیروسەمەرەی بۆ دادەتاشرێت. واتە گوتاری سەرمایەداری هێندە بەربڵاوە كە مرۆڤەكان بە باوەڕبەخۆبوونێكی عەجیبەوە بەڵگەی بۆ دادەتاشن و هەر دەڵێی شاگووتار و دواگووتاری ئەو جیهانەیە كە پێی‌گەیشتووین. بۆیە هەندێك دەربڕینی وەك "ژیانێكی زۆر دووبارەیە"، بەتەنیا تایبەت نیە بە واقیعی كۆمەڵگای ئێمە بەڵكو لە هەناوی سیستەمەكە خۆیدا هەیە و ئاماژەیە بۆ دووبارەبوونەوەی دەركەوتەكانی یەك جۆر "گوتار" كە پتر سەرگەردانییە نەك دووبارەبوونەوە. كۆنترۆڵنەكردن و بێدەسەڵاتبوونی سوبێكتە لەبەرامبەر ئەو تۆڕە ئۆبێكتیڤەدا كە تیایدا دەژی. لانیكەم دوو جۆر دووبارەبوونەوە هەیە، یەكیان دووبارەبوونەوەی هێواش، ئەویتریان دووبارەبوونەوەی خێرا. لە دووبارەبوونەوەی خێرادا، وێڕای تازەبوونەوەی خێرایی، كەچی هەستدەكەین شتەكان خاو و وەڕزكەرن. بۆیە جارێكی تر ناواخنی زاراوەی گوتار دەگەڕێتەوە سەر ڕەچەڵەكی خۆی كە سەرگەردانبوون و دەرچوون و بڵاوبوونەوەیە بە هەموو لایەكدا و ئەمەش لە ڕیشە یۆنانییەكەی زاراوەی گوتار، یان دیسكۆرس یان (DISCURRERE) دا هەیە. ڕەنگە هێنانەوەی نمونەیەكی سادە و كۆنكرێتی یارمەتیمانبدات: پێش یەك دوو دەیە، ئەگەر كراسێكی تازەت بكڕیایە، ئەوا ڕووبەڕووی پیرۆزبایی و موجامەلەی هاوڕێ و دۆستەكانت دەبوویتەوە، بەڵام ئێستا

زۆرجار زیاد لە کراسێکیش بگۆڕێت هەست بەوە ناکەیت لەسەرت دەوەستن و وەك پێشوو سەرنجیان دەچێتە سەرت. دووبارەبوونەوەی خێرای جلەکان لەبەری مرۆڤەکاندا، وادەکات جلەکان نەبینین، شکڵ و شێوازەکەیان تەمەنێکی ڕاگوزەری هەیە. ئەوەی هەیە ئالودەبوونە بە مەسرەفەوە نەك ئۆبێکتی مەسرەفەوە. کڕین بۆ پێداویستی نیە، بەڵکو کڕینە لەپێناوی کڕیندا. یەکێك لەو ئەرگۆمێنتانەشی کە بۆ مەسرەفگەرایی و بەرخۆری داتاشراوە ئەوەیە کە دەڵێت: هەرکات بێزاربووم شتێك دەکڕم و خۆم خاڵی دەکەمەوە. ئایا ئەمە ڕەوایەتیدان نیە مەسرەفگەرایی؟ ئایا گوتاری سەرمایەداری خۆی ئەم کلێشانە درووستناکات؟ ئایا ڕۆژێك لە ڕۆژان، کە کاڵا بەم ڕادەیە بەرهەمدەنەهات، لە چ ڕێگەیەکەوە بێزاریی خۆیانیان خاڵیدەکردەوە؟

ئەم نوسینە کورتەی خوارەوە، فەسڵێکە لە کتێبی(قوتابخانەی لاکان، دەروونشیکاری لە سەدەی بیست و یەکەمدا) و نوسەر لە پێشەکییەکەیدا نوسیویەتی: «ئەمڕۆ لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، ئەو تاکە گوتاری "ئاغا"یەی کە ماوەتەوە؛ گوتاری ئابوریی بازاڕە کە هەمووشت تیایدا کاڵایە، تەنانەت زانین و مەعریفەش؛ هەتا دەرمان و هەمووشتێك ملکەچی تایبەتمەندیەکانی بازاڕە. کاتیگۆریی زانین و کاتیگۆریی دەرمانیش دەبێت تایبەتمەندییەکانی کاڵایەکی ئایدیاڵیان هەبێت و کاڵایەکی ئایدیاڵیش سێ سیفەتی هەیە: تێچووی کەمە، بەخێرایی دەگاتە دەستی کەسی بەکارهێن، قازانجێکی باڵای تیایە بۆ کەسی بەرهەمێهین. نە مەعریفەی دەروونشیکاری و نە دەرمان و چارەسەری دەروونشیکاری هیچیان بە ئاراستەی ئابوریی بازاڕدا ئیشناکەن و پەیڕەوی لە تایبەتمەندییەکانی ناکەن». نوسەر پێیوایە گوتاری دەروونشیکاری، دەکەوێتە بەرامبەر گوتاری ئاغا(Discourse of the Master)وە کە چەمکێکی لاکانە و ئەم گوتارە لە سەرمایەدارییدا یەکساندەبێتەوە بە ئابوریی بازاڕ. بازاڕ ئەو گوتاری ئاغایەیە کە فەرمانمان پێدەکات. بونیادی ڕیکلامەکان نیشانەی ئەم فەرمانەن، جگە لەوەی سوپەرئیگۆیەکی هەیە و بەردەوام پێت دەڵێت: چێژوەربگرە! واتە ڕاستەوخۆ ئۆبێکتەکانی چێژ ئەزموونبکە، مەسرەفی بکە، مەوەستە، تا ئەو جێیەی کە تووشی مەلەل و پڕبوون دێیت. ئەمە لەکاتێکدا لە دەروونشیکارییدا ڕەهەندێکی ڕادیکاڵ هەیە

و لەجیاتیی ئۆبێکتی چێژ و مەسرەف، گرنگ ئەوەیە پرۆسەی ئارەزووکردن بەزیندوویی بهێڵینەوە. ئەوەی گرنگە ئۆبێکتی ئارەزوو نیە، بەڵکو هۆکاری بەردەوامبوونی ئارەزووە کە سەرمایەداری و کەلتورە مەسرەفگەراکەی لەکاریدەخات. لاوازبوونی ئیرادەی سیاسییش لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا، بەشێکی پەیوەندیی بە هێرشی کاڵاکانەوە هەیە کە لە سیاسەت داتدەماڵێت و ئالودەی خۆیت دەکات.

لەنێوان مەستی و ئالودەبوون بە مادە بێهۆشکەرەکاندا، جیاوازییەك هەیە. لە مەستییدا هێشتا کەلێنێك لە سوبێکت(بکەری مرۆیی)دا دەمێنێتەوە، بەڵام لە ئالودەبووندا ئەم کەلێنە پڕدەبێتەوە و سوبێکت ئیمکانە بەرگرییەکانی خۆی لەدەستدەدات. «کەسی مەست، زۆرجار تۆفانێك هەست و سۆز دەردەبڕێت بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی حەقیقەتەکەی خۆی ببێتەوە. لەڕاستیدا مەستی بۆ سواغدان و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەیە کە حەقیقەتی لێوە هەڵدەقوڵێت. مەستی واتە توندبەستنی سەرقاپی بتڵی حەقیقەت بۆ نەخۆشەکە. ئەو ڕاستییەی کە لە دەربڕینی "مەستی و ڕاستی، یان مەستی ڕاستییە"دا هەیە خودی کەسەکە ناگرێتەوە». دیارە دەروونشیکاری، بەپێچەوانەی دەروونناسییەوە لەسەر بنەمای هەست و سۆزەکان کارناکات بەڵکو گرنگی بە حەقیقەتی کەسی نەخۆش دەدات: حەقیقەتە تاڵەکەی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

# ئالودەبوون، و گوتاری سەرمایەداری

بەکارهێنانی وشەی "گوتار"، بۆ پیشاندانی پەیوەندیی گرووپ بە [تاك و سوبێکت و سوبێکتیڤیتەوە، یەکێکە لە کارە نایابەکانی لاکان. ئەو، ئەوەشی پیشانداوە کە سەرمایەداری(کەپیتالیزم) وەك گوتارێك، لەپێناوی بوونی خۆیدا، تا چ ڕادەیەك قەرزاری دژیەکی و ناکۆکییەکی بنەڕەتییە.

لەلایەکەوە گوتاری سەرمایەداری، سوبێکتێك بنیاتدەنێت کە هەر چوار کۆڵەکەکەی لەسەر مەسرەف(بەرخۆری و بەکاربردن) بەندە. کاڵا جۆراوجۆرەکان دەتوانن وەها سوبێکت تێروپڕ بکەن کە جێیەك بۆ درزی سوبێکت و ڕاکێشانی باری بوون(وجود) نامێنێتەوە. دەرکەوتن و هەڵکەوتنی کۆمەڵگای مەسرەفکاران و بەرخۆران، دەبێتەهۆی لەدایکبوونی جۆرێکی نوێی سوبێکتیڤیتە، جۆرێك بوونی بێدرز و کەلێن[واتە جۆرێکی نوێ لە مرۆڤ و سوبێکت دەخولقێنێت کە هەوڵدەدات لەڕێگەی چڕوپڕیی کاڵاکانەوە جەوهەرە بەتاڵەکەی پڕبکاتەوە]. بەم جۆرە، سەرکەوتوویی وێنەی مرۆڤی خۆدرووستکەر (self made man)، قابیلی تێگەیشتن دەبێت. ئەو، ژیان و چارەنووسی خۆی بەدەستیەوەیەتی. بەرهەمهێنەر و ئاغای ئارەزووە. ئارەزوویەك کە هێندەی گەورەیی ئیمکاناتی ئەو مەسرەفەیە کە پێشکەشی خۆی دەکات.

بەڵام دراوەکە ڕوویەکی تریشی هەیە. کارتی حیسابی مەسرەف، هەمیشە داشکانێکی لەگەڵدایە و ئەم داشکانەش لە پانتایی تێربوون و ڕازیبووندایە. گوتاری دەروونشیکاری، ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی سەلماندووە کە هەبوونی نوقسانی دەیگێڕێت لە بەدیهێنان و دەسگەیشتن بە تێربووندا لە بوونەوەری قسەکەر(یان سوبێکتی مرۆیی)دا. لەڕێگەی دەرهێنانی ئۆبێکتی ژویسانسەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت دەستی بگات بە جۆرێك لە تێربوونی درەنگوەخت و دەستی دوودا، و سەرەڕای هەموو ئەمانەش چاوەڕواننەکراو. ئەمە ژوویسانسێکە کە هەرگیز بەر لەوە بوونی نەبووە و لاکان ناویدەنێت "چێژی زیادە". پێشتر وتمان لاکان ئەم زاراوەیەی لە تیۆرەکەی مارکسەوە

وەرگرتووە بەناوی "بەهای زیادە"؛ و پێیوایە ***چێژی زیادە*** لە ئابوریی دەروونییدا ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت کە ***بەهای زیادە*** لە بازاڕدا دەیگێڕێت.

چێژی زیادە، بکەر و بریکارێکە ڕێ لە گوتاری سەرمایەداری دەگرێت بگات بەو ئامانجەی خۆی کە دروستکردنی "سوبێکتی یەکپارچە"یە، چونکە بە ئاراستەی پێچەوانەدا کاردەکات [کە سوبێکت تووشی پارچەبوون دەکات]. تاکو دارایی و هەبووەکان زیاتر بن، داشکانی چێژیش زیاتردەبێت و تێربوون ڕوو لە ئاوابوون دەکات و دوورتر دەکەوێتەوە.

"بێرنارد لوکۆر"، دەڵێت: «گوتاری سەرمایەداری لە بونیادی خۆیدا سیستەمێکە کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای دابەشبوونی ***دال*** بنیاتنراوە. ئیدی چ بە شێوازی زانیاری بێت یاخود وێنە، کە بەبێ وچان و بە شێوەیەکی سەرسامکەر مرۆڤەکان بۆردوومانده‌کات. ئەم گوتارە هەروا بەردەوام خەریکی دروستکردنی ماشێنی چێژخولقێنی ئاڵۆزترە کە جۆرەها چێژ بەهەرزانی دەخاتە بەردەم هەرکەسێك، ئیدی لە هەر کونج و گۆشەیەکدا بێت. بەڵام تێربوون و ڕازیبوون لەم جیهانە سەرسامکەرەدا تادێت بەرەو ئاوابوون دەچێت و فەلاکەتی جیهانی بەرخۆری و مەسرەفیش لەم بنەمایەوە سەرچاوەدەگرێت. [واتە] جۆرێك چێژخوازی و چێژوەرگرتنی شێتانە و بێسنوور کە هەر ڕۆژەو خۆزگەیەکی تازەتری هەیە، هەر ڕۆژەو کاڵایەکی تازەتری دەوێت، و لەو کەڵەکە کاڵا زۆرانەش جگە لە خۆڵەمێشێك هیچی تر نامێنێتەوە. لەم بێنە و بەردەیەدا، تێربوون و ڕازیبوون ئەو شتەیە کە بەر لە هەمووی بووەتە خۆڵەمێش».

لەم نێوانەدا کاتیگۆریی "ئالودەبوون"، جێگەی تایبەتیی خۆی هەیە و بەتەواوی بەئاراستەی گوتاری سەرمایەدارییدا دەجووڵێت. هەر لەبەرە ئەمەشە کە ناتوانین وەك نیشانە و سەمپتۆمێکی تایبەت سەیری ئالودەبوون بکەین. سەمپتۆم هەمیشە تایبەتمەندییەکە. ئالودەبوون هەڵگری ئەم تایبەتمەندییە. لەبەر ئەمەشە دەتوانین لەپاڵ هەندێك میتافۆری تری وەك تاعوون و بەڵا ماڵوێرانکەرەکانی تردا قسەی لێ بکەین.

لاکان دەڵێت: «پراکسیس، ئەو کردەیەیە کە لەلایەن مرۆڤەوە ئەنجامدەدرێت و ئەو توانایەی پێدەبەخشێت تاکو بەهۆی ***ڕەمزییەوە***، ***ڕیاڵ*** بگۆڕێت». بەپێی ئەم پێناسەیە،

ئالودەبوون پراکسیس نیە. نەك هەر ئەم کردەیە ئامرازێك نیە بۆ گۆڕینی ***ڕیاڵ*** لەلایەن ڕەمزییەوە، بەڵکوبەپێچەوانەوە ئەوە ڕەمزییە کە ***ڕیاڵ*** دەخاتە بەر پەلامار. سیفەتی سەرەکیی ئەو کردەیە ئەوەیە کە یارمەتی لە گوتەی نەستەوە وەرناگرێت. بەپێچەوانەی سەمپتۆمەوە، کە هەموو جار نەست خۆی تیا دەردەخات و هیچ جارێکیش ئامانجی خۆی ناپێکێت و هەمووجارێك کەلێنەکەی سوبێکت بەئاشکراتر [دەردەخات]. لە ئالودەبووندا، سەرکەوتن بەکاملی ڕوودەدات. سوبێکتی یەکپارچە و بێ‌کەلێن دەردەکەوێت و ئارەزووی گوتاری کەپیتالیزم لە بەرهەمهێنانی سوبێکتی یەکپارچەدا دێتەدی. سەرەنجام مەسرەف، ڕازیبوون و تێربوون بەرهەمدێنێت. هەروەها ئارەزووی سەرمایەداری لە چوونیەککردنی ژویسانس‌یشدا دێتەدی. گرنگترین خەسڵەتی ژویسانس کە بریتییە لە تاقانەبوونەکەی، وەردەگەڕێت بۆ ژویسانسێکی هەمەگیر و تەنانەت ستانداردیش. ئەو ژویسانسەی کە بۆ بوونی خۆی، چیتر پێویستی بە فانتازیا نیە.